
# لەهەرێمی کوردستان یاری رۆبلۆکس قەدەغەدەکرێت



وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی هەرێم، کۆمپانیاکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی ئینتەرینێتی ئاگادار کردووەتەوە، تا یاری (رۆبلۆکس)، سانسەر بکەن و لەناو پاکێجی ئینتەرنێتی خێزانی قەدەغەی بکەن.

ئەمڕۆ پێنجشەممە، ٣٠ـی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٥، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی هەرێم، بڕیاری دا بە زیادکردنی یاری رۆبلۆکس بۆ لیستی ئەو بەرنامە، ماڵپەڕ و ئەپلیکەیشنانەی کە پێشتوور سانسەر کراون.

هاوکات وەزارەتەکە لە نووسراوێکە، سەرجەم کۆمپانیاکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتی لە هەرێمی کوردستان ئاگادار کردەوە کە پێویستە پابەندبن بە قەدەغەکردنی یاری رۆبلۆکس لەناو پاکێجی ئینتەرنێتی خێزانی.

اق
راء
ت
ت
ت

ردی